کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-6-2007 0:38 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## وەڵامێک بۆ پرۆژەی پەیرەوی ناو خۆی زیندانە سیاسەکانی کوردستان ... ڕوناک ئەحمەد

کۆڵن



کە ناو نیشانی ئەم پرۆژەم بینی زۆر دڵخۆش بوم کە توێژێکی گرنگ و ماندوو لە ڕۆژگارێکی شوم دا وەکو مۆم بۆ گەلەکەیان داگیرسابون و خۆشگوزەرانی و ژیانی تایبەتی خۆیان کردبو بە قوربانی کوردستان کە ڕێژەیەکی بەرچاویان ژنان و کچان بوون وویرای ئەشکەنجەیان لە زیندانەکاندا کە ئازادیش دەکران لە ناو کۆمەڵگاکەماندا دیسانەوە ئەکەوتنەوە بەر تیر و توانجی خەڵکی، تائێستاش کاریگەری لەسەر دەرونیان ماوە. ئەو دەسکەوتەی ئێستا لە باشوری کوردستان هەیە بەرهەمی کارو خەبات و قوربانی دانی سێ توێژی زۆر گرنگی ئەم کۆمەڵگا بوون * شەهیدە نەمرەکان و * زیندانە سیاسیکان و پێشمەرگە دێرینەکانن. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە دوای ئازادی کوردستان کەم تا زۆر ئاوڕ لە شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان دراوەتەوە وویرای ئەوەی هیچ شتێک پاداشت نییە لە بری ژیان، بەڵام بەسەر کردنەوەی کەسوو کاری شەهیدان و یارمەتیدانیان جۆرێک ئاسودەیی دەدات بە کەسوکاریان. پێشمەرگە دێرینەکانیش تا ئاستێکی باش ڕێزیان لێ نراوە بەڵام ئەوەی تا ئێستا کەمترین ڕێزی لێ گیراوە و کەمترین پاداشتی دراوەتەوە زیندانیە سیاسی یەکانن، بەڵام ئەم پرۆژە لە باتی پاداشتدانەوەی زیندانی سیاسی دیسانەوە لە پرۆسەیەکی سیاسیدا ئەیانخاتە خزمەت لایەنێک یان چەند لایەنێکی سیاسی!!!!!ئەم پرۆژە زیاتر لە پرۆژەی دروست کردنی پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی دەچێ نەک تووێژێکی کۆمەڵایەتی غەدر لێکراو، پێ ئەچێ ئەوەی ئەم پەیرەوەی نوسیوە نە زیندانی سیاسی بوە و نە ئەشکەنجەش دراوە ئەگینا زیندانی سیاسی پێویستی بە شەرت و مەرج نییە هەمویان وەک یەک ئازار دراوون پویستە وەک یەکیش ڕێزیان لێ بگیرێ، وێڕای ئەوەی کە ژنان و منداڵان بەشێکی بەرچاوی زیندانیان بوون، بەڵام لە ئارمەکەشدا تەنها پێناسە لە گیرانی پیاو دەکات.
هەندێک لەو مەرجو شەرتانەی لەم پرۆژە سەیرەدا هاتوە ئەمانەن.

* مەرجەکانی بون بە ئەندام 1) تەمەنی لە 9 ساڵ کەم تر نەبێ لە کاتی گیراندا!!!!مادەی پێنجەم... برگەی 8 دا هاتوە.. هەڵگری ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستانی ئێراق بێت!!! کەواتە کوردەکانی دەرەوەی هەرێم ناگرێتەوە... وەک ئێزیدی، شەبەک، فەیلی.. وە هەر کوردێک کەلە موسڵ یان بەغدا یان شوێنێکی تری ئێراق بژی کە ژمارەیان 2 ملیۆن زیاتر دەبێ.
* مادەی حەوت... لە دەستدانی ئەندامێتی برگەی 3دا.... نەدانی ئابوونەی ساڵانەی!!!!واتا ئەگەر ئابونەی نەدا دەر کراوە ئەی ئەوانەی کە زیندانی سیاسی بوون ئێستا زۆرینەیان کەم دەرامەتن و پارەی ڕۆژانەی مناڵەکانی خۆشیان نییە بیدەن!!!! *بڕگەی7.. ئابونەی ساڵانەی بدات کە لە 50000 هەزار دینار کەمتر نەبێ!!!!!!!!! *مادەی شەشەم مافو ئەرکەکان لە خاڵی 4 زیندانی سیاسی کۆچکردوو ئەندامی فەخری دەبێت و هەموو مافە یاسایەکانی دەگوێزرێتەوە بۆ میراتگرانی!!!!!!!!!

runnak@hotmail. de

بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ئەم لینکە بکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
22-6-2007 0:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
http://kurdistannet.info/2007/6-2007/19-6/projei.pdf

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.